## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



## راپۆرتێک لەبارەی:

# خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە فەرمانگەکانی گەرمیان

ئەیلولی 2025

## پێشەکی:

یەکێک لەو بابەتانەی کە پێویستە لە فەرمانگە حکومیەکان پێشکەش بە هاوڵاتیان بکرێت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانە، لەنمونەی: هۆڵی پێشوازی و دانانی فێنکەرەوە و گەرمکەرەوە و بەرِادی ئاو و تەرخانکردنی شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و کۆمەڵێک خزمەتگوزاری دیکەیە.

بەڵام بەپێی بەدواداچونی یەکەی چاودێری حکەمەتی خۆجێی گەرمیان ئەم خزمەتگوزارییان وەک پێویست نین یان هەر نین. لەم راپۆرتەدا ورد و درشتی ئەو بابەتە و هۆکارەکانی خراوەتە بەر باس.

# بەشی یەکەم: کێشەی خزمەتگوزارییەکان

## ١. کۆنی بینا هۆکاری نەبونی خزمەتگوزاری

کۆنی بەشێک لە بیناکانی گەرمیان یەکێکە لە هۆکارەکان کە نەتوانراوە وەک پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکرێت تێیدا، هەندێک لە هاوڵاتیانیش ئەوە رەتدەکەنەوە و دەڵێن خودی بەرپرسان هەنگاوی جدیان بۆ ئەو بابەتە نەناوە.

مەجید محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار وتی: راستە کۆنی بینا گرفتە بۆ خودی فەرمانگەکە و هاوڵاتیانیش، بەڵام ئەمە رێگرنیە لەوەی کە هۆکارێک بێت بۆ پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە هاوڵاتیان.

وتیشی: بەشێکی زۆری فەرمانگەکانی گەرمیان نوێن و خراپ نین.

«بینای فەرمانگەکانی ناحیەی رزگاریی زۆر کۆنن و شیاو نیە بەتایبەت شارەوانی کە ئەو بینایە بۆ ئەوان گونجاو نیە، ئەمەش وایکردوە شوێنی خۆیان نەبێتەوە چ جا شوێن بۆ هاوڵاتی تەرخان بکەن و تێیدا بمێننەوە». سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری دەڵێت.

هاوشێوەی سۆران، سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحییەی باوەنور پێی وایە: بەشێکی فەرمانگەکان لە روی بیناوە کۆنن و گونجاونین، ئەمەش تەنانەت ئاسودەیی نە بە کارمەندان دەدات نە بە هاوڵاتیانیش کە لەوێ دەمێننەوە.

کاروخ عومەر، چالاکوان لە قەزای کەلار دەڵێت: بۆماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵە ئیدارەی گەرمیان هەیە تاوەکو ئێستا بەشێکی فەرمانگەکانی لە بینای ماڵان و کرێچین، بۆیە کە سەیری حکومرانی دەکەی لە گەرمیان وا هەست دەکەی حکومەتێکی کاتیە و کۆمەڵێک فەرمانگە کراوەتەوە.

دەشڵێت: بینای فەرمانگەی وامان هەیە ٤ فەرمانگەی تێدا کۆبوتەوە ئەم فەرمانگانە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە و تەواو کەری یەک بونایە باشتر دەبو، ئەمەیە گرفتە سەرەکیەکە.

لە بەرامبەردا، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: بینای شارەوانی نوێیە و کێشەی نیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ٣ فەرمانگەی دیکە لە نێو بینای ئێمە جێگیر کراوە، ئەمە وایکردوە دۆخی ئێمە خراپ بێت لە روی شوێنەوە.

جەختی لەوەکردەوە: ئەگەر ئەو بینایە هی شارەوانی بوایە بە تەنها ئەوکات شتێکی کە ئەبو و دەست کراوەتر ئەبوین بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان.

«بینای شارەوانی هی ساڵی شەستەکانە و زۆر کۆنە، ئەگەرچی نۆژەنکراوەتەوە لە رابردودا، بەڵام وەکپێویست نیە، ئەمەش وایکردوە نەتوانین کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەین و مەودای کەمە». کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور بە وەکالەت وای وت.

جەمال ساڵح، بەرێوبەری ناحیەی رزگاریی دەڵێت: کۆنی بیناکەمان یەکێکە لە کێشەکانی ئێمە کە کاتێک دروست کراوە رەچاوی هەندێک شت نەکراوە کە بتوانیت کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەین.

دەشڵێت: رارەوی بیناکە و ژورەکانی بەجۆرێکە کە ناتوانین بەرادی ئاو و کۆمەڵێک شت دابنێین، سەرباری ئەوەش ٢ فەرمانگەی تر لە هەمان بینا لەگەڵ ئێمەن ئەمەش بارگرانیە بۆ ئێمە.

بە هەمانشێوە، حەمید رەشید، بەرێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزای کفری دەڵێت: بینای تایبەت بە خۆمان نیە، بەڵکو لە بینایەکی ماڵاندین، ئەمە وایکردوە کە کێشەی شوێنی مانەوەمان هەبێت بۆ خۆمان چ جا بۆ خەڵک کە شوێنی دانیشتن و فێنکەرەوەیان بۆ تەرخان بکرێت.

«بینای ئێمە کۆنە و هی خۆشمان نیە و گونجاو نیە بۆ فەرمانگەیەکی خزمەتگوزاری، چونکە ناتوانین وەک پێویست گرنگی بەو شتانە بدەین کە پێویستە بۆ رۆژانەی هاوڵاتیان». ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات.

وتیشی: سەرباری ئەوەش رارەوێکی بچوکمان هەیە و نزیکەی ٢٠ کورسیمان تێدا داناوە، هاوڵاتیان تا تەواوبونی کارەکانیان دەتوانن بمێننەوە هەر هاوڵاتیەکیش ئەوپەری کاتژمێرێک دەمێنێتەوە.

د. حارس محەمەد، بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دانبەوەدا دەنێت نەخۆشخانەکەیان بە کەڵکی بەکارهێنان نەماوە. وتی: بینای نەخۆشخانەمان لە هەمو رویەکەوە بەکەڵکی بەکارهێنان نەماوە و دەرفەتی هیچی نیە بۆی بکەین.

عەدنان عەلی، بەرێوبەری ناحیەی باوەنور وتی: بینای فەرمانگەکەمان کۆنە و مێژوی دروستکردنی ئەگەرێتەوە بۆ ساڵی هەشتاکان کە ئەو کات دروستکرا بەمەبەستی فەرمانگە دروست نەکراوە، بەڵکو شوێنی میوانخانەی بەرێوبەری ناحیەکە بوە، بۆیە ئەمە رێگە نادات کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت.

دەشڵێت: لە ئێستادا دەرخستەمان ئامادەکردوە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بینایەکی نوێ و مۆدێرن بۆ ناحیە دروست بکرێت و رەزامەندی وەزارەتی پلاندانانیشی بۆ وەرگیراوە، بۆیە ئێمەش چاوەروانین بۆ ئەوەی بیخەینە تەندەرینەوە و دەست بە دروستکردنی بکرێت.

## ٢. خزمەتگوزاری هۆڵی پێشوازی و دانیشتن

سـەیرێکی فەرمانگەکانی گەرمیان بکەین خزمەتگوزاری شـوێنی دانیشـتن و دانانی کورسـی تایبە بۆ هاوڵاتیـان کەمترین گرنگی پێدراوە لە نێو ڕاڕەوەکاندا، ئەوەشـی هەیە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت، هاوڵاتیانیـش پشتڕاسـتی ئـەوە دەکەنـەوە کـە بە چەندنین کاتیژمێر بەپێوەبون تاوەکو مامەڵەکانیان تەواو بوە.
چۆمان محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: بەشێک لـە فەرمانگەکانی گەرمیان گرفتی نەبونی شـوێنی پێشـوازیی و چاوەڕوانیـە کە وەکپێویسـت نیـە، هاوڵاتیانیـش کاتێکی زۆر لە شوێنێکی بچوک و تەسکدا لە چاوەڕوانی ئەمێننەوە.
وتیشـی: سەرباری ئەوەش ئەو کورسـیانەی کە تەرخان کراون و دانـراون لـە هەندێـک فەرمانگە کەمە و وەک پێویسـت نیە ئەمە یەکێکـە لە گرفتە گـەورەکان، کە سـەردانی هەندێک فەرمانگەم کردوە ماوەیەکی زۆر بەپێوە وەستاوم لەبەر نەبونی کورسی.
مەجید محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار هەمان رای هەیە و وتی: لە نێو فەرمانگەکان شوێنی دانیشتنی هاوڵاتیان کە تا مامەڵەکانیان تـەواو دەبێـت بەپێی پێویسـت نیە، تەنانەت لـە هەندێک دام و دەزگاکان هەر بونی نیە.
«لـە نێـو فەرمانگەکانـی ناحیەی باوەنـور تارادەیەک شـوێنی دانیشتنی هاوڵاتیان هەیە و ڕەچاو کراوە تەنها هەندێک فەرمانگە نەبێـت گرفتی هەیـە یەکێک لەوانە فەرمانگەی باری شارسـتانی ناحیەکەیـە کـە کەمە بەراورد بـەو ڕێژەی هاوڵاتیانەی سـەردان دەکەن» . سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحیەی باوەنور وتی.
سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی دەڵێت: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شـوێنی دانیشتن لە فەرمانگەکانی ناحیەی رزگاری ڕەچـاو نەکـراوە بۆ ئەوەی هاوڵاتیەک سـەردان بـکات و بتوانێت دابنیشێت و چاوەڕێ بکات، بۆیە دەبێت بە پێوە بوەستێ.
وتیشـی: تەنها لە ژوری بەڕێوبەرەکان و نوسـینەگەکانیان چەند کورسیەک هەیە و بتوانیت دابنیشی چاوەڕێ بکەی، کە پێویستە لە ڕاڕەوەکان دابنرێت و کاری لەسەر بکەن.
بە هەمان شێوە، بورهان حەسەن، دانیشتوی قەزای کەلار هێمای بـۆ ئەوەکـرد: یەکێک لەو فەرمانگانەی کە زۆر سـەردانی دەکەم بانکـە لە کاتی وەرگرتنی موچە شـوێنی دانیشـتن وەکپێویسـت نیە و کورسـی لێیە بەس کەمە، بۆیە جار وا هەیە بە ٢ کاتژمێر بەپێوەین.
وتیشی: بۆیە پێویستە ئەو توێژانەی کە لە بانک موچە وەردەگرن دابەش بکرێت هەر ڕۆژە و چینێک بێت نەک هەوی بەیەکەوە.
بـە پێچەوانـەوە، عوسـمان قەتارچی، دانیشـتوی قـەزای کفری دەڵێت: ئەو فەرمانگانەی کەزۆرترین هاوڵاتی سـەردانی دەکات و ڕۆژانە پێویسـتین بەپێی سـەردانەکانم خراپ نین لە روی شوێنی دانیشـتن و تەرخانکردنی کورسـی بۆ هاوڵاتیان، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم زۆر باشن ناشتوانم بڵێم زۆر خراپن، ناوەندن.
لـە بەرامبـەردا، ئاریا ئەنـوەر، بەڕێوبەری بانکـی گەرمیان وتی: ڕۆژی دابەشـکردنی موچـە لۆدێکـی زۆرمان لەسـەرە خەڵکێکی زۆر سـەردانمان دەکـەن، بـە جۆرێـک هەر مانگێـک نزیکەی ١٤ هەزار موچە خۆر سـەردانمان دەکەن وەک کەسـوکاری شەهید و ئەنفالکراوان و خانەنشینی مەدەنی و سەربازی.
وتیشـی: ئێمـە ٢ هۆڵی گـەورە و ژێر زەمینێکمـان هەیە لەگەڵ بینـای یانەی ئەندازیـاران لە کاتی دابەشـکردنی موچە تەرخانی دەکەیـن هەر جێگەیەک هەبێت کورسـی لێ دادەنێین تەنانەت بۆ هەر موچەیەکە بە بڕی ٤٠٠ هەزار دینار کورسی بە کرێ دەهێنین، بە جۆرێک ژێر زەمینەکەمان ٢٥٠ کورسی تێدایە.
جەختـی لەوەشـکردەوە: هەمیشـە لـە کۆبونەوەکانمـان و بـە وەزارەتیشمان وتوە ئەم توێژانە بە جیا دابنرێن بۆ ئەوەی لۆدمان لەسەر دروسـت نەبێت، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی موچەوە ناچارن بەوشـێوەیە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ وەزارەتەکان کێشەمان نیە، چونکە لە لیژنە دێن و پارەی خۆیان دەبەن و هەر خۆیان دابەشی دەکەن.
هـاوکات، د. حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشـخانەی گشـتی کەلار باس لەوە دەکات: نەخۆشخانەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە دروسـت کراوە، بەشی راوێژکارییەکەی هۆڵێکی بچوکە و نزیکەی ١٢ پزیشـکی تێدایە ڕۆژانـە و هاوڵاتیەکی زۆر سـەردان دەکەن، بۆیـە لەگـەڵ ئەوەداین کە گونجاو نیە بـۆ چاوەڕوانی نەخۆش و ڕێژەیەکی کورسی تێدا دانراوە بەڵام وەک پێویست نیە.
وتیشـی: بڕیـارە بینایەکی نوێی راوێژکاری بکرێتـەوە و ئیدارەی گەرمیان سەرپەرشـتی دەکات، هەر پزیشکە و شوێنی تایبەت بە خۆی دەبێت و هۆڵی چاوەڕوانی گونجاوی دەبێت بۆ هاوڵاتیان.
دەشـڵێت: بەشـەکانی تریشمان کێشەی شـوێنی دانیشتنی هەیە بەتایبەت بەشی تاقیگەمان کە لە وەرزی گەرما و باران هاوڵاتیان لە دەرەوە دەوەستان، بەڵام ئێستا هۆڵێکمان بۆ کردوە لە ٪٨٠ـی نەخۆش لەو هۆڵە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی پشکنینەکانین دەکەن ئەمەش لە ڕێگەی خێرخوازەوە کراوە.
«بینای شارەوانی کۆنە و مەودای فراوان نیە بۆ شۆێنی دانیشتنی هاوڵاتیـان ئەگـەر ٨ مەترێـک هۆڵەکـەی بێـت و دەرگای هەمو ژورەکان لەسـەر ئـەو هۆڵەیـە« . کاوە عەبدولکەریـم، سـەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور بە وەکالەت وتی.
وتیشی: ئەمەش وایکردوە وەک پێویست کورسی دانیشتن نەبێت، ئەگەرچی گرنگیمان پێداوە و کورسیمان داناوە.
بە پێچەوانەوە، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باس لەوە دەکات: وەک شـوێنی دانیشـتن کورسـیمان داناوە لە ڕاڕەوەکەدا بـۆ هاوڵاتیـان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژانـە نزیکەی ١٥٠ هاوڵاتی سەردانمان دەکات وایکردوە بەش نەکات و بیناکە هەر ئەوە هەڵ ئەگرێت.
وتیشـی: لەگەڵ ئەوەشا ئەو بینایە هی شارەوانی کەلارە بەڵام ٣ فەرمانگـەی تـر لە نێو ئەم بینایە جێگیر کـراون، ئەمە وایکردوە کێشەی شوێنمان هەبێت.



## ٣. خزمەتگوزاریی فێنکەرەوە و گەرمکەرەوە

لە گەرمای تاقەتپروکێنی گەرمیان یەکێک لە پێویستیەکان فێنکەرەوەیەوە، بەڵام بەپێی وتەی هاوڵاتیان ئەم خزمەتگوزارییە وەکپێویست لە فەرمانگەکان گرنگی پێنەدراوە، بەڕێوبەری بەشێک لە فەرمانگەکانیش رونکردنەوە دەدەن.
چۆمان محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: نەبونی سیستەمی فێنکەرەوە لە گەرمای تاقەتپڕوکێنی وەک گەرمیان گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، کە وەک هاوڵاتیەک سەردانی هەر یەکە لە دادگای بەرایی کەلار و نەخۆشخانەی گشتی کەلارم کردوە بینیومە.
«خزمەتگوزاری فێنکەرەوە و گەرمکەرەوە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی فەرمانگەکان کە زۆر خراپە و هاوڵاتیەکیش ئەگەر شوێنەکەی فێنک بێت یان گەرم بێت دەتوانێت بوەستێ و چاوەڕێ بکات». سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری وا دەڵێت.
وتیشی: یەکێک لە هۆکارەکانی کۆنی و خراپی بیناکانە، یەکێکی تر لە هۆکارەکان خودی ئیدارەی فەرمانگەکانە کە نەیانتوانیوە چارەسەری بابەتێکی لەوشێوەیە بکەن و کاری لەسەر بکەن.
بە هەمان شێوە، بورهان حەسەن، دانیشتوی قەزای کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: بەشێوەیەکی گشتی لە فەرمانگەکان گرنگی بە فێنکەرەوە نەدراوە وەک پێویست، ئەوەی هەیە ژوری فەرمانبەرەکانە، ئەگەرنا راڕەوەکان و ئەو شوێنانەی هاوڵاتیان لێی دەوەستن فێنکەرەوەی تێیدا نیە.
ئاماژەی بەوەشکرد: بۆ نمونە لە بانکی کەلار ئەو هەمو خەڵکەی تێدایە لە کاتی وەرگرتنی موچە ئەو هۆڵە گەورەیە تەنها ٢ سپلیتی تێدایە ئەمەش هەر هەست بە فێنکبونەوە ناکەی.
هاوکات، سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحییەی باوەنور وتی: لە نێو راڕەوی فەرمانگەکانی ناحیەکە فێنکەرەوە نیە، بەڵام لە ژوری فەرمانبەران هەیە، تا رادەیەک باشە و خراپ نیە بە بەراوردی ئەو ژمارە هاوڵاتیانەی کە رۆژانە سەردان دەکەن بۆ رایکردنی مامەڵەکانیان و لۆدی زۆر لەسەر فەرمانگەکان نیە.
بە پێچەوانەوە، عوسمان قەتارچی، دانیشتوی قەزای کفری دەڵێت: خزمەتگوزاری فێنکەرەوە ئەگەر لەسەر فەرمانگەکانی کفری قسە بکەم باشن خراپ نین تا رادەیەک.
هاوکات، ئاریا ئەنوەر، بەڕێوبەری بانکی گەرمیان وتی: فێنکەرەوەمان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵک زۆرە و دونیاش گەرمە ئەمە کێشەی بۆ دروست کردوین، لەگەڵ ئەوەش هەوا هەڵکێشمان داناوە لە نێو هۆڵەکانمان بۆ ئەوەی بەردەوام هەواگۆڕکێ هەبێت.
هاوکات، د. حارس محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: لە نێو هۆڵەکانی چاوەڕوانی نەخۆش لە بەشەکانمان و بەتایبەت راوێژکاری بەیانیان فێنکەرەوەی موبەریدەمان بۆ داناوە، بەڵام ئەمەش وەکپێویست نیە، چونکە رۆژانە رێژەیەکی زۆری هاوڵاتی سەردانی نەخۆشخانە دەکات.
«لە نێو بینای شارەوانی ئەوەی بۆ هاوڵاتیان بێت تەنها یەک فێنکەرەوەی موبەریدەمان هەیە و دامان ناوە لە راڕەوەکەدا». کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور بە وەکالەت وای وت.
ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: ئەو شوێنانەی کە تەرخان کراون بۆ هاوڵاتیان، فێنکەرەوەیان تێدا نیە، بەڵام دەرگای هەمو ژورەکان لەسەر ئەو راڕەوەیە کە کورسیمان تێدا داناوە و فێکی دێت بۆ ئەوێش.

## ٤. نەبونی ئاوی خواردنەوە

له نێو فەرمانگەکانی گەرمیان بەپێی وتەی هاوڵاتیان سەرەتاییترین خزمەتگوزاری کە گرنگی پێنەدراوە دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیە، بەشێک لە هاوڵاتیان دەڵێن ئەو خزمەتگوزارییە تەنها لە ژوری بەڕێوبەرەکان بەردەستە.

مەجید محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار وتی: لە هیچ فەرمانگەیەک ئاوی خواردنەوە و چا و قاوە تەنها لە ژوری بەڕێوبەرەکان بونی هەیە و دەبینرێت و بۆ ئەو کەسانەی کە سەردانی بەڕێوبەر دەکەن دەهێنرێت، ئەگەرنا هاوڵاتی ئاسایی کە سەردانی ژورێکی فەرمانگەکە دەکات تەنانەت ئاویش بە کەمی دەبینرێت.

هەندێک لە هاوڵاتیان پێیانوایە دانانی بەڕادێک و دانانی دو کارتۆن ئاو تێیدا هێندە کارێکی گران نیە کە نەکرێت، وەک خۆیان دەڵێن ئەمە لە هیچ فەرمانگەیەک بەدی ناکرێت لە گەرمیان.

سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری دەڵێت: لە هیچ فەرمانگەیەک ئەوەم بەرچاو نەکەوتوە کە بەڕادێک دابنرێت و ٢ کارتۆن ئاوی تێ بکرێت و لە ڕاڕەوەکان دابنرێت و هاوڵاتی بتوانێت سودی لێ ببینێ کە ئەمە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییە پێشکەش بە هاوڵاتیان بکرێت.

لە هەمان کاتدا، عوسمان قەتارچی، دانیشتوی قەزای کفری دەڵێت: لە نێو فەرمانگەکان شتێک نیە بەناوی دانانی بەڕاد و تەرخانکردنی ئاو و خواردنەوەکان بۆ هاوڵاتیان، ئەوەی هەیە لە سەردانە تایبەتەکان و ژوری بەڕێوبەرکان ئەو خزمەتگوزارییە هەیە.

وتیشی: کە دونیا گەرمە و هاوڵاتیەک سەردانی فەرمانگەیەک بکات بۆ رایکردنی مامەڵەیەکی ئاو نیە بۆی دابنرێت و بیخواتەوە.

لە بەرامبەردا، ئاریا ئەنوەر، بەڕێوبەری بانکی گەرمیان وتی: بۆ هەر موچەیەک کە دابەشی دەکەین بەڕادی تایبەتمان هەیە و حەوزیشمان هەیە کە سەهۆڵاو و ئاوی تێدا دادەنێن، بەجۆرێک بۆ هەر موچەیەک بڕی ١٠٠ هەزار دینار بەس بە ئاو دەدەین ٢٥ هەزار بەس بە سەهۆڵ دەدەین، کە موچە تەواو بو ئەو لۆدەمان لەسەر نامێنێت و کارەکان ئاسایی دەبنەوە.

«بەڕادمان نیە ئاوی تێدا دانرابێت بۆ هاوڵاتیان، بەڵام پلانی ئەوەمان هەیە کاری لەسەر بکەین و دای بنێین». کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور بە وەکالەت وتی.

لە نێو فەرمانگەکانی گەرمیان خزمەتگوزاری خواردنەوەکانی چا و قاوە و ئاو زۆربەی کات لە ژوری بەڕێوبەرانی فەرمانگە پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکرێت، بەڕێوبەرێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە.

جەمال سالح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری دەڵێت: خزمەتگوزاری بەڕادی ئاومان نیە کە لە راڕەوەکەمان دانرابێت بۆ هاوڵاتی، ئەوەی هەیە لە بەشی خۆم و ژورەکان هەیە.

«سالانی پێشتر خزمەتگوزاری ئاو خواردنەوە هەبوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوای بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبونی بودجە نەمان توانیوە ئەوە پێشکەش بە هاوڵاتیان بکرێت». شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات.

دەشڵێت: بەڵام ژوری فەرمانبەران و نوسینگەی خۆشم بۆیان دابینکراوە هەر هاوڵاتیەکیش سەردان بکات خزمەت دەکرێت لەو لایەنەوە.

بە پێچەوانەوە، ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: سەلاجەمان داناوە و ئاوی سار بەردەوام هەیە بۆ هاوڵاتیان لە نێو فەرمانگە.

## ٥. نەبونی سیستەمی یەک پەنجەرە لە فەرمانگەکان

«کە سەردانی دایرەیەک ئەکەی هێندە زور بە ژورت پێدەکەن بێزارت دەکەن لەوەی کە جارێکی تر سەردانی فەرمانگەکان بکەیتەوە، بۆیە پێویستە هەموی لە ژورێک کۆبکرێتەوە«. ئازاد محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار باس لەوە دەکات.

سۆران حسێن، هاوڵاتی لە ناحیەی رزگاری وتی: سیستەمی یەک پەنجەرە لە زۆرینەی فەرمانگەکانی گەرمیان نیە، بەڵکو بۆ هەر مامەڵەیەک دەبێت زور بە ژور بکەی ئەمەش کاتی هاوڵاتی دەبات.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە کاتێکدا پێویستە ئەو ژورانەی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە لە ژورێک یان لە هۆڵێکی گەورەی وەک بەڕێوبەرایەتی پاسپۆرت کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی کات بۆ هاوڵاتی بگەڕێتەوە و بۆ مامەڵەیەک چەند جارێک سەردانی فەرمانگە نەکاتەوە.

چالاکوانانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە سیستەمی یەک پەنجەرە یاخود ئەلکترۆنی جێبەجێ بکرێت، چونکە کار ئاسانییە بۆ هاوڵاتیان.

کاروخ عومەر، چالاکوان لە کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: سیستەمی یەک پەنجەرە جێبەجێ نەکراوە لە فەرمانگەکان، زور بە زور ئەسورێیتەوە بۆ مامەڵەیەک و هەر بیریشی لێنەکراوەتەوە، لە کاتێکدا پێویستە سیستەمێکی نوێی ئەلکترۆنی جێبەجێ بکرێت و بکرێت بە کۆد هە ر هاوڵاتیەک کۆدی تایبەت بە خۆی هەبێت و هەمو زانیارییەکی لەسەر بێت.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەمە کار ئاسانیە بۆ هاوڵاتیان و کەمترین کاتی لێدەڕوات.

لە بەرامبەردا، جەمال سالح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری لەوبارەیەوە دەڵێت: بەهۆی کۆنی بیناکەمان و نەبونی هۆڵێکی گەورەی گونجاو، نەمانتوانیوە ژورەکان کۆبکەینەوە و بیکەن بە سیستەمی یەک پەنجەرە، ئەوەی هەیە زور ژورە و لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە.

وتیشی: نەمانتوانیوە بیکەین بە ئەلیکترۆنیش تەنها لەگەڵ وەزارەت نەبێت هەندێک حاڵەتی زەرور ئاڵوگۆڕەکەین ئەگەرنا بەشێوەکی گشتی نەکراوە.

## ٦. نەبونی خزمەتگوزاری پارکینگی ئۆتۆمبێل

بەشێک لە هاوڵاتیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە یەکێک لەو خزمەتگوزارییانەی لە فەرمانگەکان گرنگی پێنەدراوە پارکینگ و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلە، ئەگەرچی بەشێکی بینای فەرمانگەکان نوێ و سەردەمیانەن، لە بارەی هۆکاری گرنگی نەدان بەم خزمەتگوزارییە بەڕێوەبەرانی بەشێک لە فەرمانگەکان رونکردنەوە دەدەن.

مەجید محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار وتی: شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان لە دامودەزگاکان گرنگی پێنەدراوە، بۆ نمونە ئەگەر سەردانی قایمقامیەتی قەزای کەلار بکرێت دەبێت ئۆتۆمبێلەکەت لەسەر شەقامەکە رابگریت کە زۆرجار دەبێتەهۆی ئاستەنگی بۆ هاتوچۆش.

هاوکات، بورهان حەسەن، دانیشتوی قەزای کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: ئەوەی هەیە لە تەنیشتی بینای فەرمانگەکان زەوی بەتاڵ هەیە و دەوەستن یان لەسەر شەقام دەوەستین بە ناچاری. بەشێکی هاوڵاتیان نیگەرانن لەوەی کە سەردانی هەر فەرمانگەیەک دەکەن شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکانیان نیە، وەک خۆیان دەڵێن ناچار لە شوێنێکی دور لە فەرمانگەکە ئۆتۆمبێلەکانیان رابگرن.

سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری دەڵێت: ئەگەر سەردانی فەرمانگەیەک بکەی یان ئەوەیە ئۆتۆمبێلەکەت زۆر دور رائەگری یان ئەبێت لەسەر شەقامەکە رایبگری، لە کاتێکدا یەکێکە لە بابەتە پێویستەکان کە گرنگە گرنگی پێبدرێت.

«خزمەتگوزاری سیستەمی پارکینگی ئۆتۆمبێل وەک سیستەم رەچاو نەکراوە و دانرابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبێل بەتایبەت لە ناحیەی باوەنور گرفتێک نیە«. سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحییەی باوەنور وتی.

عوسمان قەتارچی، دانیشتوی قەزای کفری دەڵێت: شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان لەلای فرمانگە حکومیەکان شتێک نیە بەو ناوەی کە بیری لێکرابێتەوە و دانرابێت، کە ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکان و کاری لەسەر نەکراوە.

شێروان مەحمود، چالاکوان لە ناحییەی رزگاریی، دەڵێت: لە هەندێک فەرمانگە رەچاو کراو ە لە نمونەی دادگای رزگاری، بەڵام لە فەرمانگەکانی دیکە وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە ئەگەرچی شوێن هەیە بەڵام خۆڵە، بۆیە لە کاتی باراناو ئەبێت بە قوڕاو.

لە بەرامبەردا، ئاریا ئەنوەر، بەڕێوەبەری بانکی گەرمیان وتی: بەهۆی ئەوەی بیناکەمان لەسەر رێگای سەرەکیە و مەودای کەمە، شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلمان کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ کە هەمان نابێت هیچ ئۆتۆمبێلێک لەبەردەم بانکدا بوەستێت تەنانەت هی سەربازیش.

دەشڵێت: ئەرکی ئێمە خزمەتکردنی هاوڵاتیانە لەنێو بینای بانک بابەتی پارکینگی ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی فەرمانگە ئیشی ئێمە نیە.

بەهەمانشێوە، د. حارس محەمەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار باس لەوە دەکات: بەس نەخۆشخانەمان بە پزیشکەکانەوە ٢٩٥ کارمەندمان هەیە جگە لە سەنتەرەکان کە کۆمەڵێک سەنتەرمان هەیە، شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی کارمەندەکانمان چارەسەر کردوە، بەڵام بۆ هاوڵاتیان لە دەرەوە گەراجێگی گەورەمان هەیە لەگەڵ دەوروبەری نەخۆشخانەش شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل هەیە.

دەشڵێت: بەڵام وەک سیستەمی پارکینگ نیمانە و پێویستە رەچاو بکرێت و پارەیەکی رەمزیش وەربگیرێت، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ئەو نەخۆشخانەی ئێمە بروخێنرێت و دروست بکرێتەوە سیستەمی پارکینگی تێدا جێبەجێ بکرێت.

بەپێی وتەی جەمال ساڵح، بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری کە هەمان گرفتیان هەیە، بەڵام هەنگاوی ئیجابیان بۆ ئەو بابەتە ناوە و دەڵێت: بەهۆی ئەوەی ٣ فەرمانگەین لە بینایەکدا فەرمانبەرمان زۆرە و هەموشی ئۆتۆمبێلی پێیە، بەهۆی ئەوەی مەودای شوێنی وەستان بچوکە و هاوڵاتیانیش بەردەوام دێنە ئەوێ، داوامان کردوە لە شارەوانی ناحیەکە زەویەکمان هەیە بەرامبەر بینای خۆمان بۆمان چاک بکەن بۆ ئەوەی بکرێت بە گەراج و هاوڵاتیانیش سودی لێ ببینن.

هاوکات، حازم کەریم، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای گەرمیان وتی: بۆ سیستەمی پارکینگی ئۆتۆمبێل شارەوانی دەرخستەیەکی بۆ ئامادەکردنی کە بەردەم بینای فەرمانگەکەمان شەقامێکی دو سایدە و سیستەمی پارکینگیشی تێدا جێگە کراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە.

وتیشی: ئەو پرۆژەیە پێویستی بە نزیکەی ١٦٠ ملیۆن دینار هەیە وەزارەتی دارایی رەزامەندی نەدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە، بۆیە ئێمەش چاوەڕوانین.





## ٧. خزمەتگوزاری باخچە و سەوزایی

هاوڵاتیان جەخت لەوە دەکەنەوە لە نێو فەرمانگە حکومیەکان گرنگی بە باخچە و سەوزایی و شوێنی دانیشتن نەدراوە.

مەجید محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار وتی: رەنگە لە هەندێک بەڕێوبەرایەتی باخچە هەبێت و سەوزایش هەبێت، بەڵام بەجۆرێک نیە خرابێتە خزمەتی هاوڵاتیانەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی وەکپێویست نیە.

«بابەتی سەوزای و دروستکردنی باخچەیەک و دانانی شوێنی دانیشتن تێیدا بۆ هاوڵاتیان لە هیچ فەرمانگەیەک لە گەرمیان گرنگی پێنەدراوە و لە قۆناغێکدایە دەتوانین بڵێین سفرە«. سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری وا دەڵێت.

سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحییەی باوەنور وتی: لە هیچ یەکێکی فەرمانگەکانی ناحیەی باوەنور باخچەیەک نیە کە رێژەی سەوزای هەبێت و هاوڵاتیان بتوانن سودی لێببین، ئەگەر فەرمانگەیەکیش باخچەیەکی بچوکی هەبێت ئەوە شوێنی دانیشتن وەک کورسی تێدا نیە هاوڵاتیەک ئەگەر لە چاوەڕوانی کارەکەی بمێنێتەوە بتوانێت سودی لێ ببینێ.

لە بەرامبەردا، کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور بە وەکالەت وتی: باخچەمان نیە بۆ ئەوەی هاوڵاتی بتوانێت سودی لێببینی لە نێو بیناکەماندا، بەڵام پلانی ئەوەمان هەیە سەوزایی دروست بکەین و کاری لەسەر دەکەین.

بە پێچەوانەوە، ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: بە هەر دو دەستی بینای فەرمانگەکەمان باخچەمان هەیە و لە سێبەری دارەکانیش کورسیمان داناوە، بەڵام بۆ هاوین هاوڵاتی لەوێ دانانیشێت، بۆ وەرزەکانی تر سودی لێ دەبینن.

نەبونی بینای تایبەت بە فەرمانگەکان لە گەرمیان وایکردوە نەتوانرێت وەکپێویست گرنگی بە باخچە بدرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە کاتی چاوەڕوانی کارەکانیاندا پشوی تێدا وەربگرن.

حەمید رەشید، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزای کفری دەڵێت: باخچەمان نیە بۆ ئەوەی خەڵک سودی لێ ببینێ، لەبەر ئەوەی بیناکەمان بینایماڵانە.

هاوکات، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: وەک بیناکە کە دروست کراوە شوێنی باخچە و سەوزای بۆ تەرخان کراوە و گرنگیشی پێدراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی باخچەکە کەوتوتە ئەو بەشەی کە شارەوانیەکانی گەرمیانی تێدا جێگیرە، وایکردوە سودی نەبێت بۆ ئێمە.

دەشڵێت: ئەو بەشەی کە کەوتوەتە لای ئێمەوە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلە، بۆیە ئەگەر کۆی بیناکە هەر هی شارەوانی بوایەوە ئەوە شتێکی تر ئەبو.

«باخەوانێکمان هەیە کاری کارگوزاری فەرمانگەکەش دەکات، ئەمەش وایکردوە وەکپێویست خزمەتی باخچەکەمان نەبێت، لەگەڵ ئەوەش ئەوە وایکردوە کورسی دانیشتنی تێدا دانەنرێت». حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی کارەبای گەرمیان وتی.

دەشڵێت: باخەوانێکمان پێویستە تایبەت بۆ ئەوەی باخچەکەمان بباتە قۆناغێکی ترەوە.

بە پێچەوانەوە، شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات: وەک بەڕێوبەرایەتی باخچەیەکی زۆر گەورە و جوانمان هەیە و لە هەندێک شوێنیش کورسی تایبەت دانراوە ئەگەر هاوڵاتیەک بیەوێت لەوێ چاوەڕێ بکات تاوەکو کارەکانی بۆ تەواو دەکرێت.

## ٨. خزمەتگوزاری چاپەمەنی

لە نێو فەرمانگەکانی گەرمیان چەندین ئامێری چاپەمەنی بونی هەیە، هاوڵاتیان جەخت لەوە دەکەنەوە نەخراوەتە خزمەتی هاوڵاتیانەوە کە ناچارن بۆ کۆپیەکی مامەڵەکانیان دەڕۆنە دەرەوەی فەرمانگەکە ئەمەش کاتی زۆری لێبردون، حکومەتیش دەڵێت: ئامێری تایبەت مەندمان نیە بۆ کۆپیکردنی هەندێک مامەڵە.

مەجید محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار وتی: ئامێری چاپکردنی مامەڵە لە نێو فەرمانگەکان هەیە، بەڵام بۆ کاروباری خودی فەرمانگەکە نەک هاوڵاتیان، بۆیە بەشێویەکی گشتی هیچ بونی نیە و سودی نەبوە بۆ هاوڵاتیان.

دەشڵێت: زۆرجار ئەم نەبونی چاپەمەنیە بە دەرفەت دەزانرێت کە لە دەرەوەی دامودەزگاکان بە کرێ بدرێتە خەڵکی و ئەمەش وا دەکات کرێی چاپکردنەکە لەسەر هاوڵاتیان دوقات ببێتەوە، ئەمە سەرەڕای قەرباڵەغی و سەرەگرتن و چاوەڕوانیەکی زۆر بۆ کۆپیکردنی مامەڵەکەیەک بە نمونەش بەڕێوبەرایەتی باج و دەرامەت.

بە هەمانشێوەی مەجید، سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری دەڵێت: ئامێرەکانی چاپکردن لە نێو فەرمانگەکان هێندە بۆ کاری فەرمانگەکەیە نەخراوەتە خزمەتی هاوڵاتیانەوە، هاوڵاتیەک ئەگەر پێویستی بە کۆپیکردنی مامەڵەکەی بێت ئەوە ناچارە بڕواتە دەرەوەی فەرمانگەکەی بیکات و بگەڕێتەوە ئەمەش کاتی لێدەبات.

دەشڵێت: هەندێکجار کابینەیەک یان شوێنێک دراوە بە کرێ لەلایەن فەرمانەگانەوە کە لە دەرەوە هەیە ئەمەش نرخەکەی بەرزە و بارگرانیە بۆ هاوڵاتیان، لە کاتێکدا دەتوانن لە ناو خودی فەرمانگەکان ئەو کارە بۆ هاوڵاتیان بکرێت.

«لە هیچ یەکێک لە فەرمانگەکانی ناحیە چاپەمەنی بۆ کۆپیکرنی مامەڵەی هاوڵاتیان نیە، بەڵکو تەنها بۆ فەرمانگەکە و نوسراوەکانی خۆیانە« . سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحییەی باوەنور لەوبارەیەوە وتی.

عوسمان قەتارچی، دانیشتوی قەزای کفری دەڵێت: چەندین جار سەردانی فەرمانگەکانم کردوە بۆ کۆپی کردنێکی مامەڵەکەم مەودایەکی دوری بڕیوە و هاتومەتە دەرەوە کۆپیم کردوە ئەمەش کاتێکی زۆرت لێ ئەبات و کێشەیە بۆ هاوڵاتیان.

دەشڵێت: لە کاتێکدا چەندین ئامێری چاپەمەنی هەیە لە نێو فەرمانگەکان نەخراوەتە خزمەتی خەڵکەوە هەر بۆ فەرمانگەکە خۆیەتی، کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت و جێگەی بکرێتەوە.

«چاپکردنی مامەڵەی هاوڵاتی ئێمە هیچ کەسێکمان جواب نەکردوە و نەمان ناردوەتە دەرەوە ئەگەر پێویستی بەوەبێت بۆیان دەکرێت کەسمان نەناردوەتە دەرەوە« . کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی باوەنور بە وەکالەت وای وت.

ئەو ئامێرانەی کە لە فەرمانگەکانی گەرمیان هەن بۆ کۆپیکردنی نوسراو مامەڵەکان ڕەنگاورەنگ نین ئەمەش وایکردوە هاوڵاتیان ناچاربن بڕۆنە دەرەوەی فەرمانگەکان کە کۆپی ناسنامەیەک بکەن.

جەمال سالح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری دەڵێت: ئێمە ئامێری چاپکردنی رەنگاوڕەنگمان نیە کە هاوڵاتیەک پێویستی بە کۆپیکردنی ناسنامەکەی هەبێت بۆی بکەین، بەڵام ئەوەی داواکاری و نوسراوە هەموی لەلای خۆمان دەیکەین بۆ هاوڵاتیان.

بەپێچەوانەی فەرمانگەکانی تری گەرمیان، لە فەرمانگەی ئاوی قەزای کفری مامەڵەی هاوڵاتیان کۆپی ناکرێت، حەمید رەشید، بەڕێوبەری فەرمانگەی ئاوی قەزای کفری لەوباریەوە دەڵێت: لە ماوەکانی رابردو مامەڵەی هاوڵاتیمان کۆپی دەکرد، بەڵام ئێستا نایکەین، چونکە تۆمەتی ئەوەمان بۆ بەسترا کە بڕی ٥ هەزار دینار بۆ ئەو کۆپیکردنە وەردەگیرێت لە کاتێکدا ئەو پارەیە بۆ تەئمیناتی فەرمانگەکە بو کە پەیوەست بو بە رێکاری بەشداریکردن لە ئاوی ماڵان بو.

## ٩. سەرەگرتن، نەبونی ئالیەتی نوێ و پاڵپاڵێن

هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن فەرمانگەکانی گەرمیان سیستەمی ناوتۆمارکردن و سەرەگرتنیان نیە، ئەمەش وایکردوە کاتی زۆری هاوڵاتیان بەفیڕۆبچێت لە جێبەجێکردنی مامەڵەکانیادا، حکومەتیش رونکردنەوە دەدات.

ئازاد محەمەد، دانیشتوی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: فەرمانگەکانی کەلار بەتایبەت ئەوانەی کە خزمەتگوزارین لۆدی زۆریان لەسەرە هەندێکجار قەرەباڵەغی زۆر دروست ئەبێت، کەچی تاوەکو ئێستا سیستەمێکیان نیە وەک فەرمانگەی پاسپۆرت سرە بگری و ئەو رۆژەی خۆت دیاری دەکەی سەردان بکەی.

دەشڵێت: هاوکات بە واستەش هەبوە مامەڵەی هاوڵاتی پێشخراوە بەحوکمی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، ئەمەش مافی هاوڵاتیەکی تر پێشێل دەکرێت لە کاتێکدا پێویستە بنبڕبکرێت.

هاوکات، سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاری وتی: بەهۆی ئەوەی لۆدێکی زۆر لەسەر فەرمانگەکان نیە لە ناحیەی رزگاری گرفتی پاڵپاڵێن دروست نەبوە، بەڵام ئەوەی گرفتە شتێک نیە بەناوی ناوتۆمارکردن و سەرەگرتن بۆ ئەنجامدانی مامەڵەیەک، ئەوەی هەیە ئەم رێکارە لە فەرمانگە کارتی نیشتیمانی و پاسپۆرت جێبەجێ دەکرێت.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە هەیە بە واستە مامەڵەی هاوڵاتیەک زوتر رای ئەکرێت و ئەخرێتە پێش بەڵام ئەمەش نەبوە بە دیاردە و حاڵەتە.

«لە نێو فەرمانگەکانی گەرمیان سیستەمی کۆن پەیڕەو دەکرێت و کار لەسەر سیستەمی نوێ نەکراوە و دەست بۆ بەدیلی ئەم سیستەمە کۆنە نەبراوە، تاوەکو مامەڵەی هاوڵاتیان بە ئەلکترۆنی بکرێت یاخود سەرەگرتن بکرێت بە ئەلکترۆنی و کات بۆ رایکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان دابنرێت». کاروخ عومەر، چالاکوان لە کەلار وا دەڵێت.

وتیشی: تەنانەت دۆخە کۆمەڵایەتیەکەش زاڵە بەسەر فەرمانگەکاندا، ئەمە وایکردوە مامەڵەی هاوڵاتی تر بە واستە بخرێتە پێشەوە ئەمەش پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیانی ترە.

رەفعەت محەمەد، چالاکوان لە قەزای کفری هەمان رای هەیە و رایدەگەیەنێت: تاوەکو ئێستا کار بە سیستەمە کۆنەکە دەکرێت و ئالیەتێکی نوێ نیە بۆ ناوتۆمارکردن و سەرە گرتن، ئەوەی هەیە کارتی نیشتیمانیە کە کاری باشی کردوە لەو روە.

دەشڵێت: بابەتی واستە لە قەزای کفری کەمە و زۆر نیە، چونکە لۆدی زۆر لەسەر فەرمانگەکان نیە.

لە بەرامبەردا، ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری دەڵێت: سیستەمی ناوتۆمارکردن و سەرەگرتن لە فەرمانگەی ئێمە نیە و جێبەجێ نەکراوە و لۆدێکی ئەوتۆمان لەسەر نیە پەنا بۆ ئەو سیستەمە ببرێت، چونکە ئیشی ئێمە جۆراوجۆرە و لە ١٠ بەش پێکدێت، هەر داواکارییەکیش کە دێتە لای ئێمە راستەوخۆ ئاراستەی بەشی خۆی ئەکرێت، بۆیە دەگمەنە کاری دو هاوڵاتی لەیە بچێت و بۆ یەک بەش بێت و ژور بە ژور بکات هەر لەیەک ژور ئیشی تەواو دەبێت.

دەشڵێت: ئەوە رەت دەکەینەوە کە واستە هەبێت ئەگەر بشمانەوێت هەبێت ناکرێت، چونکە هاوڵاتی خۆی داواکاری ئەهێنێت و ئاراستەی بەشەکانی دەکەین، بۆیە هەر هاوڵاتیەک کە دێت بۆ بەشێک دەڕوات، بۆ نمونە هەیە بۆ موڵکایەتیە هەیە بۆ بەشی هونەرییە یان بۆ بەشی خزمەتگوزارییە، بۆیە واستە لەلای ئێمە نیە نازانم بۆ فەرمانگەیەکی تر.



## ١٠. نەبونی هێڵی پەیوەندی و ئیمێڵی تایبەت بە فەرمانگەکان

لــە نێو فەرمانگــەکان گرنگی بە ژمارە مۆبایــل و ئیمێڵی تایبەت نەدراوە تاوەکو هاوڵاتیان بتوانن لە بونی هەر کێشەیەک راستەوخۆ پەیوەنــدی بکــەن، حکومەتیــش دەڵێــت: ئیمیــڵ بــو کاروباری وەزارەتــە ئەکاونتی تایبەت بەخۆیان هەیە دەتوانن هاوڵاتیان را و سەرنجەکانیان بخەنەڕو.
ئازاد محەمەد، دانیشــتوی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: تاوەکو ئێســتا نەمبیســتوە و نەمبینــوە فەرمانگەیەک ژمــارە تەلەفۆنی تایبــەت بــە خۆیان هەبێت جگــە لە لیژنەی مۆلیــدە ئەهلیەکانی کەلار، ئەوەی هەیە زۆرجار پەیوەندی بە بەڕێوبەرەکانەوە دەکرێت.
وتیشــی: ئیمیــڵ ئەوە هــەر نیانە ئەوەی هەیــە پەیجێکە ئەوەش ئەوەنە بۆ بڵاوکردنەوەی کاری تایبەتی بەکاردێت بۆ وەڵامدانەوەی خەڵک و کێشەی خەڵک تەرخان نەکراوە.
«هیچ فەرمانگەیەک لە گەرمیان جگە لە بەرگری شارستانی ژمارە تەلەفــۆن و ئیمێڵــی تایبەتیان نیــە بۆ ئەوەی هاوڵاتــی بتوانێت پەیوەنــدی بــکات ئەوەی هەیە ژمــارە تەلەفۆنــی بەڕێوبەرکان و شەخسی ناو فەرمانگەکانە«. سۆران حسێن، هاوڵاتی لە ناحیەی رزگاری وای وت.
دەشــڵێت: ئەوەی هەیانە پەیجێکی فەرمانگەکەیە ئەوەش کاتێک وەڵام ئەدەنــەوە رەخنەیەکی زەقیان لێبگیرێت و لە بەرژەوەندیان نەبێت وەڵامت ئەدەنەوە، لە کاتێکدا پێویستە وەڵامدانەوە هەبێت بەردەوام و ژمارە تەلەفۆن و ئیمێڵی تایبەتیان هەبێت.
لــە هەمان کاتــدا، کاروخ عومــەر، چالاکوان لە کــەلار هێمای بۆ ئەوە کرد: تاوەکو ئێســتا سیســتەمە کۆنەکــە جێبەجێ دەکرێت و بیــر لــەوە نەکراوەتەوە بەدیلێک بۆ ئەم سیســتەمە دابنرێت لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا پێشــکەوتوە، تەنانەت ســود لەو کەســانەش وەرنەگیراوە کە پێشکەوتون لە بوارەکەدا بۆ ئەوەی سیستەمێکی نوێ دابهێنرێت.
«هەمو فەرمانگەیەک پێویســتە پێگەیەکی ئەلکترۆنی وەک ئیمێڵ و ئەکاونتی تایبەتیان هەبێت و ژمارە تەلەفۆنی تایبەت بە خۆیان هەبێــت کە گرنگــی پێنەدراوە«. رەفعەت محەمــەد، چالاکوان لە قەزای کفری وا دەڵێت.
وتیشــی: پێویســتە فەرمانگەکان کەســێکیان هەبێــت بۆ ئەوەی بــەردەوام پەیوەندی لەگەڵ هاوڵاتیان هەبێت، کاتێک مامەڵەیەکی دەبێت پێشــوەخت زانیاری پێبدرێت کە ئەمە وەک پێویســت نیە و گرنگــی پێنــەدراوە، کە ئەمــەش لە رێگەی پەیجــی تایبەتەوە دەکرێت بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ بکرێت.
لە بەرامبەردا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشــتی کارەبای گەرمیان وتــی: بەڕێوبەرایەتیمــان کۆمەڵێک ژمارەی تایبەتــی هەیە چ بۆ هەڵدانەوەی پێوەری زیرەک چ بۆ ســیانەکردنی کارەبا و گرفتێک هەبێــت لــە گەڕەکــەکان ٢٤ کاتژمێریش بەردەســتە و کارمەندی تایبەت وەڵام دەداتەوە.
دەشــڵێت: بــۆ ئیمێــڵ هەمانــە، بــەڵام بــۆ کاروبــاری فەرمانگە و وەزارەتــە بــۆ هاوڵاتیان دامــان نەناوە، بەڵام لــە هەمان کاتدا ئەکاونتــی تایبەت بە بەڕێوبەرایەتیمان هەیە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان هەر پرســیار و تێبینیکیان هەبێــت وەڵام دەدرێنەوە و کارمەندی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو بەشە.
جەختی لەوەشکردەوە: بەڵام کێشەکە ئەوەیە هاوڵاتی تا پەیوەندی بە خودی خۆمەوە نەکات قەناعەت ناهێنن، بۆ نمونە ٥٠ کێشــەی کارەبــا هەبێت لە کــەلار ناکرێت من پەیوەندی بــە هەموی بکەم و بڵێــم بــڕۆن بــۆ ئــەو جێگەیە، لــە کاتێکدا ســتافمان هەیە بۆ سیانەکردن و ژمارەی خۆشیان هەیە.



# بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. کەمــی و نەبونی ژێرخانی گونجاو
ا. شــوێنی دانیشــتن و هۆڵــی پێشــوازی: زۆربەی فەرمانگەکان کورســی دانیشــتن و هۆڵی پێشــوازی گونجاویــان نییە، ئەمــەش وادەکات هاوڵاتیــان کاتێکــی زۆر بەپێوە بوەســتن.
ب. سیســتەمی فێنککــەرەوە و گەرمکــەرەوە: لــە وەرزی گەرمــادا فێنککەرەوەکان بەشــێوەیەکی خــراپ کار دەکەن یان هــەر نیــن لە راڕەوەکان و شــوێنە گشــتییەکان. ئەمە بۆ وەرزی زســتانیش راســتە کــە لەوکاتاتەدا گەرمکــەرەوە نییە.
ت. ئـاوی خواردنــەوە: زۆربــەی فەرمانگــەکان ئـاوی خواردنەوەی دابیــن نەکردوە، جگە لــە چەند حاڵەتێکــی کەمدا کە تەنهــا لــە ژوری بەرێوەبەرەکانــدا هەیە.
پ. پارکینگــی ئۆتۆمبێــل: کەمیــی یــان نەبونــی شــوێنی تایبــەت بــە وەســتاندنی ئۆتۆمبێــل کێشــەیەکی گەورەیە و دەبێتــە هــۆی قەرەباڵەغــی و نارەحەتــی بــۆ هاوڵاتیان.
ح. باخچــە و ســەوزایی: زۆربــەی فەرمانگــەکان شــوێنی ســەوزایی یــان باخچەیان نییە بۆ پشــودان، یان ئــەوەی هەیە شــیاو نییە بــۆ بەکارهێنانی گشــتی.

٢. کەمیــی خزمەتگوزارییە تەکنیکی و کارگێڕییەکان
ا. چاپەمەنــی و کۆپــی: فەرمانگــەکان ئامێــری کۆپــی و چاپکارەکانیــان تەنهــا بۆ کاروبــاری ناوخۆیــی بەکاردەهێنن و خزمەتگوزارییەکــەی بــۆ هاوڵاتیــان دابیــن نەکــردوە، بەتایبەت بــۆ دۆکیومێنتــی رەنگاورەنگ.
ب. سیســتەمی ســەرەگرتن و یــەک پەنجــەرە: نەبونی سیســتەمی رێکخســتنی ســەرەگرتن و سیســتەمی یــەک پەنجەرە دەبێتــە هــۆی بەفیرۆدانی کاتــی هاوڵاتیان و زۆر ژور بــە ژور کردنیان.
ت. پەیوەنــدی و ئیمەیــڵ: کەمیــی و نەبونــی ژمــارە تەلەفــۆن یــان ئیمەیڵــی فەرمــی و تایبەت بــە فەرمانگــەکان بۆ پەیوەندیــی هاوڵاتیــان، وایکــردوە ڕای هاوڵاتیــان نەگاتە شــوێنی خــۆی یان بــە دوای بەرپرســەکاندا بگەڕێن.

٣. هۆکارە سەرەکییەکانی کەموکورتییەکان
ا. کۆنیــی و نەگونجاویــی بینــا: زۆربــەی بینــای فەرمانگــەکان کۆنن، بۆ مەبەســتی خزمەتگــوزاری دروســت نەکراون، یــان مەودایــان بچوکــە و توانــای دابینکردنــی خزمەتگوزارییــە ســەرەتاییەکانیان نییە. هەندێکیشــیان بینــای ماڵانن و کرێچین.
ب. فــرە فەرمانگەیــی لــە یــەک بینــادا: بونی چەندیــن فەرمانگــە لە یــەک بینادا کــە پەیوەندییــان بەیەکــەوە نییە، دەبێتــە هــۆی قەرەباڵەغــی و کەمیی شــوێن و پشــێوی لــە دابینکردنــی خزمەتگوزارییەکان.
ت. کەمیــی بودجــە و قەیرانــی دارایــی: هەندێــک لە بەرێوەبــەران باس لــە قەیرانی دارایــی و نەبونــی بودجە دەکەن وەک هۆکارێــک بۆ نەتوانینــی دابینکردنــی خزمەتگوزارییــەکان و نوێکردنەوەی ژێرخان.
پ. نەبونــی پلاندانانــی تۆکمــە و سیســتمێکی نــوێ: ئەگەرچــی ئیــدارەی گەرمیان بۆ مــاوەی نزیکەی ٢٠ ســاڵە هەیە، بەڵام هێشــتا بەشــێکی فەرمانگــەکان لە بینــای کرێچین، ئەمــەش نیشــانەی نەبونی پلاندانانــی درێژخایــەن و تۆکمەیە بــۆ گەشــەپێدانی ژێرخانــی حکومــی. هەروەهــا کار بــە سیســتەمی کــۆن دەکرێت و بیــر لە بەدیلــی ئەو سیســتەمانە نەکراوەتــەوە.
ح. کەمیــی میــلاک و پســپۆریی: نەبونــی فەرمانبــەر و کارمەنــدی تایبــەت، یــان ســتافی تایبــەت بــۆ وەڵامدانەوەی هاوڵاتیــان، نیشــانەی کەمیــی میــلاک و دابەشــکردنی کارەکانە.
خ. زاڵبونــی دۆخــی کۆمەڵایەتــی و «واســتە»: لە هەندێــک فەرمانگەدا، دۆخی کۆمەڵایەتی و «واســتە» زاڵــە و دەبێتە هــۆی پێشخســتنی مامەڵەی کەســێک بەســەر ئەوی تــردا، ئەمەش مافــی هاوڵاتیان پێشــێل دەکات و نارەزایی دروســت دەکات.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

١. هەڵمەتێکی نوێکردنەوەی ژێرخانی فەرمانگەکان:
وەک لە ڕاپۆرتەکەدا دەرکەوت، دیارترین کێشەی خزمەتگوزارییەکان، بینایە. بۆیە لەم سۆنگەیەوە پێویستە حکومەت پرۆژەیەکی گەورە و خێرا دەستپێبکات بۆ نوێکردنەوە و دروستکردنی سەرجەم فەرمانگە حکومییەکان. ئەم پرۆژەیەش بە دو ئاراستەدا بێت، ئاراستەیەکی کورتخانەیەن بەوەی هەندێک لەو بینایانەی کە گونجاون نۆژەن بکاتەوە. ئاراستەی درێژخایەن بەوەی کە ساڵانە و ژمارەیەک بینای نوێ دروست بکات.
واباشترە لە دروستکردنی بیناشدا، ڕەچاوی «ناوەندەکانی خزمەتگوزاریی» بکرێت، بەو مانایەی لەجیاتی ئەوەی هەر فەرمانگەیەک بینایەکی سەربەخۆی هەبێت، دەکرێت ناوەندەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان دابنرێن، بۆنمونە ئەو فەرمانگانەی کە پەیوەستن بە یەکەوە بیناکەیان لەناو یەکترییدا بێت.
هەروەها لەو بینایانەش کە دروستدەکرێن، ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندییانە بکرێت:
ا. دیزاینی مۆدێرن: فەرمانگەکان بە شێوەیەک دیزاین بکرێن کە شوێنی گونجاو بۆ دانیشتن، هۆڵی پێشوازی فراوان و شوێنی پشو بۆ هاوڵاتیان دابین بکات. هەروەها هەواگۆڕکێ و تیشکی سروشتی زۆر بەکاربهێنرێت.
ب. سیستەمی ژینگەدۆست: بەکارهێنانی سیستەمی فێنککەرەوە و گەرمکەرەوەی نوێ و ژینگەدۆست کە کاراییان بەرزە و وزە کەمتر بەکاردەهێنن. دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی پاک لە سەرجەم بەشەکاندا.
ت. باخچەی ناو فەرمانگە: دروستکردنی باخچەی بچوک یان دیواری سەوزایی لەناو فەرمانگەکاندا، یان دابینکردنی ڕوبەری سەوزایی شیاو لە دەرەوە بۆ پشو و چاوەڕوانی هاوڵاتیان. ئەمە جگە لەوەی جوانی بە شوێنەکە دەبەخشێت، کاریگەری ئارامکەرەوەشی هەیە.
پ. پارکینگی زیرەک: بەکارهێنانی سیستەمی پارکینگی ئۆتۆمبێلی زیرەک، وەک پارکینگی ئۆتۆمبێلی چەند قات.

٢. گۆڕینی سیستەمی مامەڵەکان
ئەمەش لە دو ئاستدا دەکرێت: ئاستی ئێستایی و ئاستی داهاتو.

ئاستی ئێستایی:
ا. پێویستە بیر لە جێبەجێکردنی سیستەمی یەک پەنجەرە بکرێتەوە، واتا هاوڵاتی لە پەنجەرەیەک یان لە ژورێکدا مامەڵەکەی پێشکەش بکات و دواتر چاوەڕێ بکات لە هۆڵێکدا هەتا بۆی تەواو دەکرێت، نەک خۆی زۆر بە ژور بیگەڕێنێت و قەرەباڵەغی دروست بکات.
ب. هەندێک لەو خزمەتگوزارییانەی کە پێویستن وەکو فۆتۆکۆپی، لەناو بیناکەدا هەبێت. بۆ ئەمەش حکومەت دەتوانێت خۆی ئەو کارە بکات و بڕە پارەیەک لە هاوڵاتییەکە وەربگرێت. یاخود ئەو نوسینگانەی کەرتی تایبەت کە ئەو کارە دەکەن، ئامێر بۆ بەشەکان دابین بکەن و دواتر ئەو پارەیەی لە هاوڵاتی وەردەگیرێت بەمەبەستی فۆتۆکۆپییەکە، بۆ ئەو نوسینگانە بێت.
ت. گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ماڵەوە: بۆ کەسانی بەتەمەن یان ئەوانەی کێشەی هاتوچۆیان هەیە، سیستەمی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان (وەک نوێکردنەوەی ناسنامە یان کارتی نیشتیمانی) بۆ ماڵەوە دابین بکرێت بە پارەیەکی ڕەمزی و گونجاو.

ئاستی داهاتو:
تادێت کاروبارەکانی ڕۆژانەمان پەیوەست دەبن بە دیجیتاڵەوە، بۆیە دەبێت لە ئاستی کارگێڕییشدا ئەم هەنگاوە هەڵهێنین. ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییانەش گران و مەحاڵ نییە، بەڵکو ئەوەی پێویستە ئیرادەیە. لەمڕووەوە ئەم چەند پێشنیازە دەکەین:
ا. دروستکردنی پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی ناوەندیی: سەکۆ یان پلاتفۆرمێک بێت کە سەرجەم خزمەتگوزارییە حکومییەکان لە یەک شوێندا کۆبکاتەوە. هاوڵاتیان بتوانن لە ڕێگەی ئەو پلاتفۆرمەوە داواکاری پێشکەش بکەن، مامەڵەکانیان بەدواداچون بکەن و تەنانەت زانیاری پێویست دەستبخەن.
ب. سیستەمی «یەک پەنجەرەی ئەلیکترۆنی»: پێویستە بیر لە سیستەمێک بکرێتەوە کە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە زۆربەی کارەکان ئەنجامبدرێن. هاوڵاتی تەنها یەکجار سەردانی فەرمانگە بکات بۆ وەرگرتنی دۆکیومێنتی کۆتایی ئەگەر پێویست بو.
ت. ناسنامەی دیجیتاڵی: دابینکردنی ناسنامەی دیجیتاڵی بۆ هاوڵاتیان، کە لەڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە بتوانن خۆیان بناسێنن و مامەڵەکانیان واژو بکەن.
پ. چاپ و کۆپی زیرەک: هاوڵاتیان بتوانن لەڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە فایلەکان بنێرن و چاپیان بکەن بە تێچویەکی کەم.

٣. شەفافیەت

ا. لە قۆناغی ئێستادا پێویستە هەمو فەرمانگەکان ژمارە تەلەفۆنێک یان زیاتریان هەبێت کە بەردەوام لە کاردا بن و هاولاتی پەیوەندی پێوەبکات.

لە قۆناغی دورتریشدا، پێشنیاز دەکەین لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان، ناوەندێکی زانیاریی دروست بکرێت. ئەم ناوەندە لەرێگەی تەلەفۆنەوە هاولاتی پەیوەندیی پێوە بکات و هەر زانیاریی زو پرسیارێکی هەبو لەبارەی هەر فەرمانگە و خزمەتگوزارییەکەوە، بە درێژایی رۆژ وەلام بدرێتەوە.

ب. دانانی سیستەمی سەرەگرتنی رون و ئاشکرا. بەشێوەیەک هاولاتی هاتە فەرمانگەکە، بە سەرە «نۆرە« مامەلەکەی بەرێبخرێت و رێگە بە واستە و خزمخزمێنە نەدرێت.

هەروەک پێشتریش لەرێگەی تەلەفۆن یان ئینتەرنێتەوە سەرە بگرێت و رۆژی سەردانی فەرمانگەکەی بۆ دیاریی بکرێت.

ت. سیستەمێک دابنرێت بۆ هەلسەنگاندنی بەردەوامی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و بلاوکردنەوەی دەرەنجامەکانی بۆ رای گشتی. هەروەها رێگە بۆ هاولاتیان بکرێتەوە کە بە ئاسانی سکالا تۆمار بکەن و بەدواداچونی بۆ بکرێت.

پ. دانانی فەرمانبەری تایبەت و راهێنراو، تایبەت بە بەدەمەوەچونی مامەلە و داواکاریی هاولاتیان.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پالپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) سالی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاولاتی و دەسەلات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.


* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

١. زریان محەمەد

٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی

٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣

Radiodeng@yahoo.com

yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodeng.net